# ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند تێبینییەک



هەینی 28.3.2014
**دەرسیم دیبەگەیی**
Darsim2006@hotmail.com

ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکێکە لەو پەرتووکانەی کە (ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران)ی سەر بە (ی. ن. ک)، لەپێناوی نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی و یاداشت کردنی هەرچی زانیاری پەیوەست بەو حزبە و ئەندامەکانیان هەیە، لە ساڵی (٢٠١٣)دا لە چاپی داوە.

ئینسکلۆپیدیا، مانایەکی فراوانی هەیە و دەبێ هەموو زانیارییەکان بۆ نموونە سەبارەت بە بابەتەکە، ڕێکخراوەکە، پارتەکە یان وڵاتەکە بە وردی بگرێتە خۆ، بۆیە دەبوایە دەستەی نووسەرانی ئەو ئینسکلۆپیدیایە لەکاتی یاداشت کردنی مێژووی شەڕێک، داستانێک یان ژناننامەی شەهیدێک نەکەونە هیچ ناتەباییەک یان زانیارییەکان پێچەوانە و دژ بە یەک، هەروەها لە نووسینی مێژووەکاندا دەبوایە ڕۆژ، مانگ و ساڵەکان بە دروستی بنووسن نەک تەنیا ساڵەکە دیاری بکەن! ئینسکلۆپیدیا بەهیچ جۆرێ نابێ زانیاری نادروست و گوماناوی بگرێتە خۆ، بۆ نموونە لە شوێنێک هاتووە کە کەسانێک بە نامە پەیوەندی ڕێکخستنیان بە نەوشیروان مستەفا ئەمین یان جەلال تاڵەبانی هەبووە، ئەوە بۆ من وەکو ئەوەیە کە هەندێ لە سەرکردە و بەرپرسە حزبییەکان بانگێشەی ئەوەیان دەکرد کە چەند سەرکردەیەکی سەربازی، ئەمنی و ئیستخباراتی حکومەتی ئێراق، سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەیەک پەیوەندی نهێنییان لە ڕێگای ئەوانەوە بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هەبووە، کە هەردوو پەیوەندییەکە گوماناوین و جێگەی باوەڕ نینبە.

ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەبوایە مێژووی دامەزراندن، گەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و باڵەکانی ناو یەکێتیی و ئەو قۆناغانەی کە ئەو لایەنە پێیدا تێپەڕیوە، لە لاپەڕەکانی سەرەتادا بەپێی مێژوو تۆمار بکردایە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار. هۆکاری یەکەم، ئەم پەرتووکە وەکو سەرچاوەیەکی دۆکۆمێنتی و ئەرشیڤی تەنیا بۆ ئەمڕۆکە نەنووسراوەو دەبوایە بیر لە چەندان نەوەی داهاتوو و سەدان ساڵی دیکە بکرابایەوە کە دەبووە کار ئاسانی بۆ ناساندنی (ی. ن. ک) لە دوارۆژدا، چونکە نەوەی نوێ و داهاتوو مێژووی (ی. ن. ک) نازانێ. هۆکاری دووەم، ئەم پەرتووکە تەنیا بۆ کورد نەنووسراوە، لەوانەیە لە داهاتوودا بۆ چەندان زمان وەربگێڕدرێت یان چەندان توێژەری وڵاتان و نەتەوەی جیاجیا بیانەوێ وەکو سەرچاوەیەک بۆ نووسینەوەی بەشێکی مێژووی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و مێژووی کورد و شۆڕشی کوردستان بەکاری بهێنن!

دوای چاو پیاخشاندن و خوێندنەوەی بەشێک لە بابەتەکان، چەند تێبینی و سەرنجێکم لا دروست بوو لەگەڵ بەدیکردنی چەند هەڵەیەک، کە لە خوارەوەدا بەگوێرەی ڕیزبەندی لاپەڕەکان دەست نیشانیان دەکەم و دواتریش تێبینی و سەرنجەکانم دەخەمە ڕوو و هەڵەکان ڕاست دەکەمەوە.

ل١٨/ لە بابەتی (ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش)دا هاتووە: (لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە کە لە تەموزی ساڵی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، ناکۆکییەکان تەقینەوەو لایەنگرانی ڕەوتەکە کۆنفرەنسیان بەجێهێشت، بەڵام بەهۆی ناوبژییەوە، بۆ ڕۆژی دواتر گەڕانەوە ناو کۆنفرەنسەکە. بەپێی تەرازووی هێز لەناو کۆنفرەنس، باڵی سکرتێر زاڵ بوو بەسەر کۆنفرەنسدا، بەڵام باڵەکەی تر کەمینەیەکی بەرچاوی پێکدەهێنا. لە سەرجەمی ٢٨٧ ئەندامی کۆنفرەنس ١٢٧ ئەندام لەکاتی تەقینەوەی ناکۆکییەکاندا کۆنفرەنسیان بەجێهێشت و بەم پێیە ڕێژەیان ٤٤% ئەندامانی کۆنفرەنس بوو. بەڵام لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا باڵی سکرتێر سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناو لە سەرجەمی ٧ کورسیی سەرکردایەتی ٤ کورسیی بەدەستهێنا، باڵەکەی تر تەنها یەک کورسیی بەدەستهێنا. دوو کورسییەکەی تر بەر هێڵی مامناوەنجی ناو کۆمەڵە کەوتن).

بەگوێرەی ئەم نووسینەی سەرەوە کە نووسراوە گوایە باڵەکەی تر تەنیا یەک کورسی بەدەست هێناوە، دەبێ مەبەستیان لە خاوەن کورسییەکە مەلا بەختیار بێ، کە ناوبراو لەم کۆنفرانسەدا دەنگی پێویستی نەهێناو دەرنەچوو! بۆ سەلماندنی دەرنەچوونی مەلا بەختیار پەنا دەبەمە بەر دوو بەڵگە:
یەکەمیان: لە لاپەڕەکانی (٩٩-١٠٠)دا لە ژیاننامەی مەلا بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم)دا، بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکراوە کە مەلا بەختیار لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە خۆیشی باوەڕی بەو دەرچوونە نەبووە کە ئینسکلۆپیدیا نووسیوێتی، سەرەڕای ئەوەی کە شانسی دەرچوونی ناوبراو لە شانسی کاندیدەکانی دیکەی هەڵگری بیروباوەڕی ئاڵای شۆڕش زۆر زیاتر بوو. بەڵکو لەم ژیاننامەیەدا نووسراوە: (ساڵی ١٩٨٤ ناکۆکییەکانی لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا گەیشتنە لوتکەو لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لەهەواری کانی سێوی مێرگەپان ڕابەرایەتی باڵێکی بەرهەڵستکاری کرد. پاش کۆنفرەنسەکە ڕێکخراوێکی بەناوی ئاڵای شۆڕش دامەزراندو ئەم ڕێکخراوەی بەدرێژەپێدانی بیرو ڕێبازی شاسوار جەلال دانا).
دووەمیان: ئەوەی شایەنی باسە، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان مەلا بەختیار دەنگی پێویستی نەهێنا چونکە هەر کاندیدێک دەبوایە زیاتر لە نیوەی ژمارەی دەنگی ئەندامانی کۆنفرانس بهێنێت ئەگینا بۆی نەبوو ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی، کە ئەم مەرجە مەرجی سەرەکی نەوشیروان مستەفا بوو سەپاندی لەپێناوی ئەوەی کەمترین ژمارە لە لایەنگرانی مەلا بەختیار و سالار عەزیز دەنگی پێویست بهێنن، یان هیچ کەسیان دەرنەچن!
وەلێ بۆ بێدەنگ کردنی مەلا بەختیار و هەر لەسەر پێشنیاری نەوشیروان مستەفا بڕیار درا کە مەلا بە تەسکیە بکرێت بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، کەچی مەلا بەختیار لەبەردەم تەواوی ئەندامانی کۆنفرانس هەڵسایەوەو سەرەتا سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە دەنگیان پێ دابوو (ئەوەی لە بیرم بێ وابزانم ١٣٢ دەنگی هێنا)، دواتریش بە گۆڕی شەهید ئارام و هەموو شەهیدانی کوردستان سوێندی خوارد کە ئەو پێشنیارە پەسەند ناکات و هەرگیز نایەوێت بە تەسکیە ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە. پشکۆ نەجمەدین، باسی ئەوەی کردووە کە مەلا بەختیار بەشداری یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کردووە لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤)دا؛ (پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێیەم، ٢٠١١، ل٢٠٧).
پێدەچێت ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شەهید ئازاد هەورامی و ملازم عومەری بە هێڵی مامناوەنجی هەژمار کردبێ و چوارەکەی دیکەش بە باڵێ نەوشیروان.
لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی (٨) کەس دەرچوون بە مەلا بەختیارەوە نەک (٧) کەس، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:
ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار (ئازاد هەورامی)
جەبار فەرمان عەلی
حکمەت محەمەد کەریم خانەقینی (مەلا بەختیار)
عومەر عەبدوللا (ملازم عومەر)
فەرەیدون عەبدولقادر
قادر حاجی عەلی
کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
نەوشیروان مستەفا ئەمین

ل٥١-٥٢/ لە بابەتی (تیۆری بەعیراقیکردنی شۆڕش)دا سەبارەت بەناوی ئێزگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتووە: (ساڵی ١٩٧٩ یەکێتی وەک پابەندبوونێک بەسیاسەتی بەعیراقیکردنی شۆڕش، ناوی ئێزگەکەی لەدەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ دەنگی شۆڕشی عیراق گۆڕی و ئەم ناوە تا ئەیلولی ١٩٨٣ بڕی کرد، کاتێک کە ناوەکە کرا بە دەنگی گەلی کوردستان. تاکە ڕایەڵەی نەپچڕاو لەگەڵ تیۆری بەعیراقیکردنی شۆڕش، ناوی ئێزگە بوو

که هەر بەناوی دەنگی شۆڕشی عیراقەوە مایەوە. بەڵام لەئەیلولی ١٩٨٣ لەکۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لە گوندی بالیسان، ئەم تاکە ڕایەڵەش پچڕاو ناوی ئێزگە لەدەنگی شۆڕشی عیراقەوە کرا بەدەنگی گەلی کوردستان). هەر سەبارەت بە ئێزگەکە، لە لاپەڕەکانی (١١٩-١٢١)دا لە بابەتی (دەنگی گەلی کوردستان - ڕادیۆ)دا هاتووە: (پاش پچڕانی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٥، لەسەرەتای مانگی شوباتدا حکومەتی عیراق تەشویشی خستە سەر پەخشی ڕادیۆ. هەر لەو ماوەیەدا ناوی ئێزگە گۆڕاو بووە دەنگی گەلی کوردستان).
لەم دوو بابەتەی سەرەوەدا، گۆڕینی ناوی ئێزگەکە دەگەڕێننەوە بۆ دوو ساڵی جیای (١٩٨٣) و (١٩٨٥)، کە ئەوەی دووەمیان بەڕاست دەزانم، واتە گۆڕینی ناوی ئێزگەکە بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ساڵی (١٩٨٥) بووە، نەک گوایە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی لە گوندی بالیسان لە ساڵی (١٩٨٣)دا بڕیاری گۆڕینی ناوەکەی درابێ. بە بۆچوونی خۆم، دەبوایە لیژنەیەکی پێداچوونەوە هەبوایە بۆ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەپێناوی لابردنی هەڵەی لەم جۆرەی سەرەوە، کە یەکێکە لە کەمتەرخەمی و هەڵەکانی دەستەی نووسەران!

ل٧٧-٨٠/ لە ژیاننامەی جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕە (٧٨-٧٩)دا نووسراوە: (ساڵی ١٩٦٤ پاش ئاگربڕی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف کە توانیبووی کودەتا بکاو بەعسییەکان لەسەر کار لادا. قەیرانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان باڵی مەلا مستەفا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بەسەرکردایەتی برایم ئەحمەد دەستی پێکرد. تاڵەبانی پشتگیریی لەباڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. پاش ئەوەی کە هێزەکانی بارزانی پەلاماری هێزەکانی مەکتەبی سیاسییان دا لەماوەت، هێزەکانی مەکتەبی سیاسی کشانەوە بۆ ناو ئێران و لەهەمەدان گیرسانەوە. پاش ماوەیەک باڵی مەکتەبی سیاسی گەیشت بەڕێککەوتنێک لەگەڵ مەلا مستەفاداو ئەندامەکانی دەستبەرداری هەموو لێپرسراوەتییەکانیان بوون و وازیان لەهەڵسوڕانی سیاسییان هێنا. بەڵام پاش زیادبوونی گوشار لەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی و پەرەسەندنی مەترسیی لەناوبردنی ئەندامەکانی، باڵی مەکتەبی سیاسی لەساڵی ١٩٦٦دا گەیشت بەڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عیراقدا کە بەهۆیەوە حکومەت ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسیی ئاشکرای لەشارەکاندا بەباڵی مەکتەبی سیاسی داو مافی پێکهێنانی هێزی چەکداریشی بۆ سەلماند).
سەرپەرشتیار و نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەدەبوایە بەهیچ شێوەیەک ئەم سێ بۆ چوار دێڕەی سەرەوە کە هێڵێکم بەژێردا کێشاوە بخەنە ناو ئینسکلۆپیدیا، چونکە ئەمە لەلایەک بەڕەوایی کردنی ناپاکی کردنە لە نەتەوەو نیشتمان و بە ئاسایی هەژمار کردنی چوونە پاڵ سەنگەری دوژمنە لەدژی هاونەتەوەو ئامانجی سەرەکی کورد لە گەییشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی وەکو هەر نەتەوەیەکی ژێدەست! لەلاکەی دیکەشەوە بە ڕەوایی کردنی کلتوری جاشێتی و نۆکەرێتی کردنە بۆ داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی کورد! دواتر ئەوە تێکەڵ کردن و بەیەکەوە گرێدانی ناپاکی کردن، جاشێتی و مێژووی باڵی مەکتەبی سیاسییە بە خەبات و مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هەردەم لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕشی نوێ لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە ئەندامانی سەرکردایەتیی، ئەندام و لایەنگرانی هەرسێ باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی پان)، خۆیان بە سێ ڕێکخراوی نوێی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جیا لە باڵی ماکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلالی (٦٦) بە خەڵک دەناساند!!!

ل٨٤/ لە بابەتی (جەوهەر حوسێن ئەحمەد)دا هاتووە: (لەو شەڕەدا کە ١٤ پێشمەرگەی تێدا شەهید بوو، بە بریندار کەوتە دەستی جاشەکان و دواتر ڕادەستی سەربازەکان کرد. لە ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٨١ لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا). کەچی لە لاپەڕە (١٦٩)دا لە بابەتی (شەڕی شۆڕاو)دا وا باسی ئەم شەڕە کراوە: (١٥ پێشمەرگە شەهید بوون، پێشمەرگەیەکیش بە بریندار بەدیل گیراو دواتر لە سێدارە درا. شەهیدەکان ئەمانەن: نەجمەددین عوسمان قادر کەرکوکی، نەوزاد محەمەد ئەمین حسێن، فاتیح حەمە سەعید سەنگاوی، بێستون باڕۆیی، حسێن عەبدوڵڵا

محەمەد دلگەیی، عەدنان عەلی محەمەد، شەریف سابیر کونە کۆتری، نورەدین ڕەشید (نوری ساڵەیی)، ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی، جەبار فایەق مەجید پونگەڵەیی، قادر حسێن ئەحمەد شاحەسەنی، نوری محەمەد عەلی (مەلا نوری)، جەوهەر حسێن ئەحمەد هەشەزینی، عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد، عومەر بایینجانی، ئەرکان قادر چراغە ڕووتەیی).

دەستەی نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دیسان لێرەدا لە دوو لاپەڕەی جیادا سەبارەت بە شەڕی شۆڕاو، جارێک ژمارەی شەهیدەکانیان بە (١٤) شەهید و لە جاری دووەمدا ژمارەکەیان بە (١٥) شەهید ناوبردووە، لەگەڵ بەدیل گرتنی پێشمەرگەیەک بە برینداری، کە دواتر لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٥/٩)دا لە زیندانی سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

هەندێ کەموکوڕی لە ناوی پێشمەرگە شەهیدەکان دەبینم، بۆیە لە خوارەوەدا ناوەکانیان دەنووسم کە ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین (بێستون بارۆیی)، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی (مەلا نوری)، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر (ئەرکان چراغەڕووتەیی). جەبار فائیق مەجید (جەبار پونگەڵەیی). حوسێن عەبدوڵلا محەمەد (حوسێن دلکەیی). ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە (ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی). شەریف سابیر کەریم ناسراو بە (شەریف کونەکۆتری). عەدنان عەلی محەمەد ناسراو بە (عەدنان کەرکوکی). عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد (دکتۆر عەلائەدین). عومەر حەمەدئەمین ڕەزا (عومەر باینجانی). فایتح حەمەسەعید محەمەد (فاتیح سەنگاوی). قادر حوسێن مستەفا (قادر شاحەسەنی). نەجمەدین عوسمان قادر ناسراو بە (نەجمەدین کەرکوکی). نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن (نەوزاد تەکیەیی). نورەدین ڕەشید ناسیح (نوری ساڵەیی). جەوهەر حوسێن ئەحمەد (جەوهەر هەشەزینی)، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.1981)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی کە لە ڕۆژی (17.11.1980) لە شاخی شۆڕاو شەهید کران و یەکێکیشیان بەدیل گیراو دواتر لە سێدارە درا، بەدەستی ئەم سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسانە شەهید کران کە ئەمانەن: جاشەکانی تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئیستخباراتی شیمالی، قادر فەرەج عەبدوڵلا (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی ناسراو بە (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (٥٥)، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو لەگەڵ عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی؛ سەرچاوە: (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

ل١٠٣/ لە باسی ژیاننامەی (خدر عومەر سوور)دا نووسراوە: (لە ساڵی ١٩٨١ لە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر وەرگیرا. ساڵی ١٩٨٤ بوو بە مامۆستا لە گوندی سیاوی ناوچەی شەمامک لە دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٤ فەرمانی گرتنی لەلایەن دەزگای ئەمنەوە دەرچوو، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەداو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد).

لە ساڵی (١٩٨١)دا لەگەڵ خدر عومەر سوور بەیەکەوە لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراین و لە ساڵی (١٩٨٢)دا تەواومان کرد. دواتر لە (١٢/١)ی هەمان ساڵ وەکو مامۆستا دامەزراین، ئەو لە گوندی (سیاو)ی سەر بە قوشتەپە و منیش لە گوندی (خەتێ)ی دۆڵی بالیسان کە سەر بە شارۆچکەی خۆشناو (هیران) بوو.

خدر عومەر سوور، دوای دەرچوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە (١٩٨٤/٩/١٥)دا بوو بە سەرپرشتیار و بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤)دا یان سەرەتای ساڵی (١٩٨٥)دا وەکو لە دایکبووانی ساڵی (١٩٥٣) بانگکرا بۆ سەربازی و نەچوو بۆ خزمەتی سەربازی و بۆ ماوەی نزیکەی دوو تا سێ مانگێک لە شار مایەوەو ئیشوکارەکانی ڕێکخراوی دەکرد، پاشان چووە دەرەوەو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ل١١٨-١١٩/ له بابەتی (شەڕی دەشتێو)دا بەمشێوەیە نووسراوە: (لەم شەڕەدا سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سۆسیالیست و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی و فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر و فاروق سدیق ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ڕابەری سیاسیی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر و یانزە پێشمەرگە شەهید بوون. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: فەرەج قادر، فەریق هەمزە، جەبار ئیسماعیل، عوسمان باوە، عەزیز باپیر، سامی عوبێد، سەباح جەمیل، ئەحمەد محەمەد ئەمین، ئەحمەد محەمەد، شاهین عیزەدین و تاهیر حەمەد کە هەموویان خەڵکی هەولێرن. هەروەها ئەم پێشمەرگانە بەدیل گیران: جەعفەر ئەسوەد، حسێن عەبدولڕەحمان، جەواد کەریم و کەمال واحید کە هەموویان خەڵکی کۆیە بوون و پاشان لە ٢١ی حوزەیراندا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران).

لە شەڕی (دەشتێو)دا (١٤) پێشمەرگە شەهید بووینە نەک (١٣) وەکو لە ئینسکلۆپیدیای (ی. ن. ک)دا هاتووە، هەروەها (٥) پێشمەگە بەدیل گیراون نەک (٤). ئینسکلۆپیدیا، ناوی عەزیز باپیر (عەزیز باپیر گۆمەشینی) بە شەهید بردووە، کەچی لە ڕاستیدا ئەو یەکێک بووە لە (٥) دیلەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بووە بۆیە سزای (٢٠) ساڵ زیندانی بۆ دەرچووەو پاشانیش بەر لێبووردنی گشتی ڕۆژی (١٩٧٩/٧/١٦) کەوتووە. کەواتە ئینسکلۆپیدیا، تەنیا ناوی (١٢) شەهیدی نووسیوە و دوو ناوی نەنووسیوە.

هەروەها هەموو شەهیدەکان خەڵکی هەولێر نین، چونکە شەهید شاهین جومعە عەبدوڵڵا خەڵکی پردێ - کەرکوکە، کە هەم ناوی باوکیشی بەهەڵە بە (عیزەدین) نووسراوە. ناوی شەهیدێکی دیکەش بە فەرەج قادر هاتووە، کە ناوە ڕاستییەکەی فەرخ قادر ئەحمەدە.

شەهیدەکانی شەڕی دەشتێو ئەمانەن: سەعدی عەزیز محەمەدئەمین ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی هەشتی هەولێر، ئەحمەد حەمە کەریم بابەکر جاف ناسراو بە ئەحمۆ چەمرگەیی (١٩٥٦/ کۆیە/ گورزە)، ئەحمەد محەمەدئەمین حەمەد خدر گەڵاڵی (١٩٥٣/ کۆیە/ چەمرگە)، تاهیر محەمەد عەلی ڕەحمان سوورچی (١٩٥٥/ گاوەرە/ دیبەگە)، جەبار ئیسماعیل گۆمەشینی (کۆیە)، حەمە حەمەدئەمین سکتانی (کۆیە)، سامی عوبێد، سەباح جەمیل چەمرگەیی (کۆیە)، سەباح جەمیل ئەحمەد محەمەد بڵباس (١٩٤٨/ هەولێر/ کۆیە/ چەمرگە)، شاهین عەزیز جومعە عەبدوڵڵا شوانی (١٩٥٥/ کەرکوک/ پردێ)، عوسمان ئەحمەد حەسەن باوە (باوەقوب)، فاروق سدیق ئیبراهیم خەلیل هەولێری ڕابەری سیاسی هەرێمی هەشت، فەرخ قادر ئەحمەد (قەراج/ مەخمور)، فەریق هەمزە ساڵەیی (کەرکوک/ پردێ/ سەربیر).

چوار پێشمەرگە لە سێدارە دراوەکانیش ئەمانەن: (جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد میکائیل (١٩٥٢/ هەولێر/ کۆیە)، فەرماندەی مەفرەزە، جەواد کەریم مەحمود خدر گۆمەشینی (هەولێر/ کۆیە)، حوسێن عەبدولڕەحمان سەعید گۆمەشینی (هەولێر – کۆیە) و کەمال واحێد مەحمود بەرزنجی (١٩٥١/ هەولێر/ کۆیە/ گۆمەشین)ی، کە لە ڕێکەوتی (١٩٧٨/٦/٢١)دا لە موسڵ لە سێدارە دراون.

ل١٨٠/ لە بابەتی (شەڕی شێنێ)دا هاتووە: (شەڕێکە لەنێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و نێوان ژمارەیەکی زۆری جاشەکان لە بەرزاییەکانی سەر شێنێ و قوتەی چیای مامەندە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠. لە هێزی پێشمەرگە، <u>چوار شەهید هەبووە، یەکێکیان شەهیدی یەکێتییە، ئەوانی تر شەهیدی حزبی سۆسیالیستن)</u>. کەچی لە لاپەڕەکانی (٢٦٥-٢٦٦)دا لە بابەتی (شەڕی مامەندە)دا هاتووە: (شەڕێکە لەنێوان سوپای عیراق و جاشەکان لەلایەک و هێزی پێشمەرگە لەلایەکی ترەوە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەرەنگاری هێرشەکە بوونەوەو تێکیان شکاند. دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداری لێ کەوت و لە هێزی پێشمەرگەش <u>٥ پێشمەرگە شەهید بوون</u>، یەکێکیان پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالست بوو).

له شەڕی (شێنێ)دا جاشەکانی سەرۆکجاش عەباس بایز باڵو ئاغا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێ و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، لە ڕۆژی (19.10.1980)دا لە هێرشێکدا بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخی مامەندە، پێنج پێشمەرگەی یەکێتیی بەناوەکانی مستەفا سەعید محەمەد زۆراب پێنجوێنی فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی یەک، غەفور ئیسماعیل ناسراو بە غەفور جورجە، ڕەشید گەلاڵی (مامە ڕەشە گەلاڵی) خەڵکی گوندی ئەولاقوتی گەرمیان، حەمە خالید و مامۆستا محەمەد ڕانیەیی، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەناوی عەبدوڵڵا قادر شێنەیی، شەهید دەکەن، لە هەمان کاتدا بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوەکانی عەبدولڕەحیم (عەبدولڕەحیم عەبدوللا عەبدولڕەحیم سەنگەسەری، کە دواتر گەیشتە پلەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و لە ڕێکەوتی 29.5.1987دا لە هێرشکردنە سەر بارەگای جەیش شەعبی و جاشان لە شارۆچکەی تەقتەق شەهید بوو)، لەگەڵ محەمەد حاجی مەحمودی فەرماندەی هەرێمی یەکی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دواتر چووە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و ئێستاکە سکرتێری گشتیی حزبی ناوبراوە؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شالاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

ل١٩٣-١٩٤/ لە باسی ژیاننامەی شەهید (عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدورەحیم)دا، سەبارەت بە داستانی گرتنی تەقتەق، نووسراوە: (لە ئۆپراسیونی گرتنی شاری تەقتەق لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧، نەخشەکە وابوو کە هێزی پێشمەرگە لە دوو قۆڵەوە هێرش بکا، لە قۆڵێکەوە بۆ گرتنی تەقتەق بە سەرپەرشتیی لێپرسراوی مەڵبەندی سێ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و لە قۆڵێکی ترەوە بۆ گرتنی بنکەی جەیش شەعبیی تەقتەق بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحیم).
داستانی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق لەو مێژووە نەبووە کە ئینسکلۆپیدیای (ی.ن. ک) نووسیوێتی، بەڵکو لە شەوی (٢٩/٣٠-٥-١٩٨٧)دا بووە لەلایەن هێزێکی گەورەی هاوبەشی مەڵبەندەکانی (٢+٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە زۆربەی تیپەکانی ئەو دوو مەڵبەندە لەپێناوی ئازادکردنی شارۆچکەی تەقتەق و گرتنی سەربازگەی قەلاتەی تەقتەق کە بارەگای فەوجێکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) تێدابوو. لەو هێرشەدا تەنیا ڕەبیەی سەر پردەکە و مونەزەمەی بەعس نەگیران، چونکە چەند سەرۆکجاشێکی کورد لە نێویاندا ئەسوەد تەقتەقی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و جاشەکانی پەنایان بردبووە بەر ئەو دوو شوێنە و شەڕی پێشمەرگەیان کرد. لە ئەنجامی بەرەنگاری سەختی جاشەکانی ئەسود و پیاوانی ڕژێم لەم دوو شوێنەدا یازدە پێشمەرگە شەهید بوون کە بەشێکیان ئەمانەن: (عەبدوڵلا عەبدولڕەحیم سەنگەسەری، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی دوو، ئازاد سابیر تەها قادر داربەسەری، فەرماندەی کەرتی چوار لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، ئیسماعیل محەمەدئەمین یونس پیرداود ناسراو بە ئیسماعیل بچکۆڵ پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، تاریق ناسراو بە باپیرە قەسرۆکی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی (٢١)ی کەرکوک، عەبدولسەلام محەمەد ڕەمەزان گۆران ناسراو بە سەلام گۆران پێشمەرگەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، کاوە کۆیی پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێ، لوقمان عەبدولڕەحمان کاوێس ئیسماعیل قۆڕیتانی پێشمەرگەی تیپی (٩٣)ی کۆیە، موحسین حەمشین فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی پێنجی گۆڕقەرەجی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر و یاسین پیرداود حەمەد پیرداود ڕۆژبەیانی (شێخ بزێنی) پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی لە تیپی (٢١)ی کەرکوک؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٢٠١/ لە باسی ژیاننامەی شەهید (عەزیز مەحمود عەلی)دا، هاتووە: (لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ لەکاتێکدا بە ئیشوکار دزەی کردبووە ناو سلێمانی، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیرا. دواتر لە ٢٥ی ئازاری ١٩٧٩دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا).

محێدین مەحمود عەلی خەرپانی (مامۆستا عەزیز)، ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) و بەرپرسی لقی دووی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (17.10.1978)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیرا، دواتر لە ڕۆژی (15.1.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو، ڕۆژی دواتر گواسترایەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە شەوی (24/25-3-1979)دا لە هەمان زیندان لە سێدارە دراوە؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندانم).

ل٢٣٥-٢٣٦/ لە بابەتی (شەڕی کۆڕێ)دا نووسراوە: (لە ٩ی نیساندا هێزەکانی عیراق بەپاڵپشتی تانک هێرشیان کردە سەر بەرزاییەکانی پیرمام، توانیان دەست بەسەر پیرمامدا بگرن و لەوێوە بەخێرایی داکشانە سەر دەربەندی کۆڕێ بۆ گرتنی دەربەندەکە پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە خۆی ڕێک بخاتەوە. لە دەربەندە کۆڕێ هێزەکانی عیراق کەوتنە بۆسەو ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێ کوژرا. ڕاگرتنی پێشڕەوییەکەی هێزەکانی عیراق، ناچاری کردن چەند کیلۆ مەترێک بکشێنەوە دواوە. کاتژمێر ٥:٣٠ ی ڕۆژی ١١ی نیسان هێرشی دووەمی هێزەکانی عیراق بۆ سەر دەربەندی کۆڕێ دەستی پێ کرد. شەڕەکە ١١ شەهیدی لێ کەوتەوە، لەوانە ٩ی پێشمەرگەی سەر بە یەکێتی بون).
سەرەتا مێژووی شەڕی یەکەمی داستانی کۆڕێ ڕۆژی (١٩٩١/٤/٩) نییە، بەڵکو ڕۆژی (١٩٩١/٤/٧)ە و دووەم شەڕیش لە ڕۆژی (١٩٩١/٤/١١)دا بووە. لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا، ناوی هیچ کام لە شەهیدەکان نەنووسراوە، کە ئەمانەن: (سەلاح سابیر تۆفیق، عەبدولکەریم عەبدوڵڵا ئەحمەد یونس ئەحمەد، فاخیر عەبدولڕەحمان محەمەد قوربانی (١٩٦٤/ مەخمور - مەحسوناوە)، فاروق حوسێن عوسمان ڕەسوڵ گراوی ناسراو بە خاڵە فاروق، فاروق مەولود حەمەد مستەفا (دیبەگە - مەلاکاغا)، فەرهاد ئەحمەد ئەمین عوسمان، فەرەج مەغدید مەولود ساڵح ناسراو بە شەیدا، موحسین عەبدولکەریم ئەمین ئەحمەد مەخموری (١٩٦٧/ مەخمور - مەحسوناوە)، هەمزە بەهرام ئیسماعیل عەلی مەولود دیبەگەیی و یونس ئیبراهیم حەسەن ئیسماعیل ناسراو بە کارزان).

ل٢٣٨-٢٣٩/ لە ژیاننامەی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) هاتووە: (ساڵی ١٩٨٠ لێپرسراوەتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی لە هەولێر گرتە ئەستۆ، ئەندامانی ڕێکخراوەکە بریتی بوون لەهەر یەک لە عەبدوڵڵا تۆفیق، بەهرۆز قەشقە، عەبدولڕەزاق ئەحمەدو بێستون).
دڵنیام لەم ساڵەدا (١٩٨٠) هاوڕێ بێستون (خدر عومەر سوور) نەک هەر ئەندام ڕێکخراو نەبووە، بەڵکو هەر سەر بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی هەولێریش نەبووە و بەرپرسی هێڵێکی فراوانی ڕێکخستن بووە لەناو هەولێر و ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنەکانی ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواتریش لە ساڵی (١٩٨٢) بەولاوە بە ڕێکخراوی (٥)ی کۆمەڵە لە سنووری مەڵبەندی (٤)ی ئەوکات کە ڕێکەوت عوسمان مەجید بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە بوو و خۆشم بەرپرسی پۆل و ئەڵقەی پەیوەندی ڕێکخستنەکانی لای هاوڕێ بێستوون و ڕێکخراوی (٥)ی کۆمەڵە بوویمە. بۆ جاری یەکەم لە مانگی تەموز یان ئابی ساڵی (١٩٨٣)دا بێستون و چەندان هاوڕێی دیکە کە هەندێکیان لە ژیاندا ماون و هەندێکیشیان شەهید بووینە، بە بڕیاری ناوەندی کۆمەڵە و لەژێر فشاری زۆری ڕێکخراوی (٥)ی کۆمەڵە لە بالیسان لەگەڵ ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یەکمان گرتەوە و بێستون کرا بە ئەندامی ڕێکخراو. پێم وایە ئەوکاتە لە ساڵی (١٩٨٠-١٩٨١)دا یەکێک لەم دوو شەهیدە شەهید کەریم ڕەسوڵ قادر حوسێن یان عەبدوڵڵا ڕەشید ئەندام ڕێکخراو بووە نەک بێستون. شەهید کەریم ڕەسوڵ، بەقسەی حاجی مەمۆ کە لە پەرتووکی (لە هەواری یادەوەرییەکانمدا) باسی کردووە ناوبراو ئەندامی ڕێکخراو بووە، بەدڵنیاییش لە سەردەمی حاجی مەمۆدا شێوەی ڕێکخستنی شارەکان هێشتا هەر کۆمیتە بووەو لە سەردەمی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)دا بووە بە ڕێکخراو، بۆیە دەکرێت کەریم ڕەسوڵ، ئەندام ڕێکخراو بوو بێت کە ناوبراو لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٣/٢٣)دا گیراو دواتر لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٧/١٥)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا. عەبدوڵڵا ڕەشید قادر عوسمان ناسراو بە هیوا، کارگێر و ئەندام ڕێکخراو بووە لەدوای گۆڕینی کۆمیتە بە ڕێکخراو لەوکاتەی کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەرپرسی

ڕێکخراوی هەولێر بووە، بەڵام لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (١٩٨١/٥/١)دا داوا لە عەبدوڵڵا ڕەشید کراوە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، بۆیە ناوبراو لەو مانگەدا پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، تا لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/٧/١٦)دا لە گوندی سێگردکان لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە شەهید کرا. دوای دەستگیرکردن و شەهید کردنی کەریم ڕەسوڵ قادر سارمەمی و پەیوەندی کردنی هاوڕێ عەبدوڵڵا ڕەشید بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەریەک لە موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی و عەلی محەمەد ئیسماعیل عومەر ناسراو بە شێخ عەلی بەرزنجی بوون بە ئەندام ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە یەکەمیان لە بەهاری ساڵی (١٩٨٥)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گیراو دوای ئازادکردنی وازی لە کۆمەڵە هێنا، ئەوەی دووەمیان لە ساڵی (١٩٨٤)دا کرا بە کارگێڕی ڕێکخراوی (٣)ی کۆمەڵە لە گوندی (توتمێ)ی دۆڵی بالیسان و لە ئەنجامی گەڕانەوەی بۆ باوەشی ڕژێمی بەعس لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٥) و ناپاکی کردن و خۆفرۆشتنی خۆی بە ئەمنی هەولێر، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)دا لەناو شاری هەولێر کوژرا.

ل٢٤٠-٢٤١/ لە بابەتی مێژووی دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا هاتووە: (لە کۆبوونەوەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ ی گوندی شێنێ، چەند بڕیارێکی گرنگ دەرچوو، لەوانە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە لە کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستانەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. مێژووی کۆمەڵە سێ کۆنفرەنسی لەخۆ گرتووە. یەکەمین کۆنفرەنس ساڵی ١٩٨١ لە مالیمۆس بەسترا، دووەمین کۆنفرەنس لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ و سێیەمین کۆنفرەنس لە مێرگەپان لە ساڵی ١٩٨٤و لەهەر سێ کۆنفرەنس نەوشیروان مستەفا بە سکرتێر هەڵبژێردراوە).
سەبارەت بە گۆڕینی ناوی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، شەهید شاخەوان (محەمەد عەباس عەولا)، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (١٩٨)ی (سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠)دا نووسیویێتی: (کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان لە ١٩٧٩/٥/١ لە بارەگای سالار عەزیز کۆبونەوەیەکی کرد، کە ژمارەیەک لە کادیران و سەرکردایەتی کۆمەڵە و لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەکە بەوە گەیشتن کە ناوی کملک ببێ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).
بۆیە بۆچوونەکەی شەهید شاخەوان بە ڕاستتر دەزانم نەک ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە لە ژمارە (٤)ی وەرزنامەی کۆمەڵە، بەهاری (١٩٧٩)، نووسراوە: (کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان)، بەڵام لە ژمارە (٥)ی هاوینی (١٩٧٩)دا نووسراوە: (کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)؛ سەرچاوە: (دەرسیم دیبەگەیی، چەند تێبینییەک لەسەر سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چوارشەممە، ٢٠١٤/٣/١٢، ماڵپەڕەکانی وتاریکورد، دەنگی سەربەخۆ،ماڵمۆکورد، دەنگەکان، کوردستانی گەورە).
سەبارەت بە مێژووی بەستنی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەمشێوەیە بووە:
یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە (١٩٨١/٥/١/ لە دۆڵی مالیمۆس لە نزیک دێی کانی زەرد لە تەک چیای بلفەت بەسترا).
دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە (١٩٨٢/٨/٢١/ خڕی ناوزەنگ لە هۆڵی شەهید شەهاب بەسترا).
کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە لەنێوان (١٠/٧-١٩٨٤/٧/٢٢/ لە بناری کانی سێوی مێرگەپان بەسترا).

ل٢٦١/ لە بابەتی (ئۆپەراسیۆنی لەیلان)دا هاتووە: (ئۆپەراسیۆنی گرتنی پێنج کارمەندی ئەڵمان لەپاڕێزگای کەرکوک لەمانگی حوزەیرانی ١٩٨١. لەو پێنج کارمەندە، چواریان لە گوندی لەیلان گیران و ئەوی تر لەنێوان کەرکوک و چەمچەماڵ. ئەوەی کە ئەم ئۆپراسیۆنەی ئەنجام داوە پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بوون. یەکێتی بۆ ئازادکردنی کارمەندە ئەڵمانەکان ئەم داواکاریانەی لەبەردەم حکومەتی ئەڵمانیای خۆرئاوا دانا: ٣- گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ ئازارکردنی ٢٧ هاووڵاتی کورد کە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووەو لە گرتووخانەی موسڵن. ٤- گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ بەردانی ٤ منداڵی کوردی خەڵکی شاری کەلار کە

تەمەنیان لەخوار ١٣ ساڵەوەیەو لەمانگی شوباتی ١٩٨٢ەوە گیراون. هاووڵاتییە حوکمدراوەکان: جەمال قادر، جەلال محەمەد، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، عومەر میرزا، بەرزان عومەر، جەوهەر حوسێن، سەید برایم ئەحمەد، ئیسکەندەر حەیدەر، عەلی تۆفیق، دارا حەمید، عەلی محەمەد، بێستون حسێن، عەلی حەمە ئەمین، مەحمود محەمەد، یوسف مەجید، بەکر کەریم، تەحسین ڕەحمان، جەمیل ئەحمەد، جەوهەر حەمە، شێرۆ ڕەشید، یونس بابەکر، حەسەن ئیسماعیل، واحد ڕەسوڵ، سلێمان عەبدوڵڵا، تاهیر عەبدوڵڵا، ئومێد ساڵح کەریم، مەجید عیسا).
سەرەتا سەبارەت بە دەستگیرکردنی ٤ منداڵەکەی شاری کەلار نووسراوە لە مانگی شوباتی ١٩٨٢ەوە گیراون، ڕاستییەکەی مانگی شوباتی ١٩٨١ە کە بەیاننامەکە خۆی لە مانگی حوزایرانی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە.
دواتر ئەمە نووسینی ئینسکلۆپیدیایە و دەبوایە بەشێوەیەکی ورد لە مێژووی بەیاننامەکەو مێژووی لە سێدارە دان و شەهیدکردنی ئەو ٢٧ تێکۆشەرەی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ-یان بکۆڵیبایەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو دوو مێژووەدا، کە مێژووی بەیاننامەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ە، کەچی بەشێکی زۆر لەم ٢٧ هاوڕێیەی ژووری سێدارە لە مانگی مایسی ئەم ساڵەدا لە سێدارە درابوون! ڕاستە ئەوە هەڵەی ئەوان نییە، بەڵام پێویستە لەسەر ئەوان زانیاری نادروست و دژ بەیەک نەخەنە ناو ئینسکلۆپیدیا، یان ڕوونکردنەوەیان بدابایە!
بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە کە ژمارەیان (١٦) هاوڕێیە و بەر لە دەرچوونی بەیاننامەکە لە سێدارە درابوون:
لە شەوی (٩/١٠-٥-١٩٨١)دا جەوهەر حوسێن ئەحمەد ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی لە سێدارە دراوە.
لە شەوی (١٣/١٤-٥-١٩٨١)دا بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد ناسراو بە بەکر سوسەیی، لە سێدارە دراوە.
لە شەوی (٢٠/٢١-٥-١٩٨١)دا ئەم سێ هاوڕێیە تان لە سێدارە دراون: (جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی، جەمال قادر جوامێر ماوەتی و عەلی محەمەد ئەمین نەسروڵڵا سەید سادقی).
لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٢٦/٥/١٩٨١)دا ئەم چوار هاوڕێیە گوللە باران کراون: (تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز، جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی، سلێمان عەبدوڵلا ئیسماعیل سوسەیی و یونس بابەکر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو).
لە شەوی (٢٧/٥/١٩٨١)دا ئەم حەوت هاوڕێیە لە سێدارە دراون: (ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم، سەید ئیبراهیم ئەحمەد گەرمکی، تاهیر عەبدوڵڵا زاخۆیی، دارا حەمید عەزیز، عەلائەدین تۆفیق عەبدولقادر، عومەر میرزا شاسوار و مەجید عیسا عەبدی خورشید زاخۆیی).
ژمارەی ئەوانەی بەر لە دەرچوونی بەیاننامەکەی (ی. ن. ک) لە سێدارە دراون، لە نیوە زیاترە، لەهەمان کاتدا زۆر زیاتر لەوانەی لە سێدارە دراون، خەڵکی دیکە لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچووەو ڕەوانەی ئەو زیندانە کرابوون.

ل٢٧٢/ لە باسی ژیاننامەی شەهید (محەمەد عەجەم)دا بەمشێوەیە نووسراوە: (محەمەد عەجەم پێشمەرگە. ئێوارەی ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٧٨ لەکاتێکدا لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی خالید سابیر دەیانویست لە هەولێرەوە بگەڕێنەوە، لە نزیک گۆڕستانی سەید مەعروف کەوتنە بۆسەوەو شەهید کران).
ناوی تەواوی شەهید محەمەد عەجەم، جەعفەر مەحمود محەمەد مستەفایە و ناوی شەهید (نەبەز)یش خالید سابیر عوسمان محەمەدی کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە، کە لە ئێوارەی ڕۆژی (٤/١٠/١٩٧٨)دا لە گۆڕستانی سەید مەعروف لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر بەهۆی ناپاکی حوسێن مەحمود کەریم (حوسێن زیل) لەلایەن ئەمنی هەولێر شەهید کران. حوسێن زیل، خۆیشی لە جاشایەتی و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش لە گەڕەکی کوران نزیک جادەی شەستی لە شەقامی ئەلبان لەناو شاری هەولێر لە ڕێکەوتی (9.1.1986)دا لە لایەن چەند کەسێکی کوردپەروەرەوە کوژرا؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

ل٢٩١-٢٩٢/ له بابەتی (مەڵبەند)، سەبارەت بە مەڵبەندی (٤) هاتووە: (بارەگاکەی لە گوندی سماقولیی سەروچاوە دانراو سنووری لە باکوردا لە بالیسان دەستی پێ دەکردو لە باشووردا لەگەڵ سنووری کارگێڕی پارێزگای هەولێر کۆتایی دەهات، لە ڕۆژهەڵاتدا زێی بچوک لە پارێزگای سلێمانی و لە ڕۆژئاوای زێی گەورە لە ناوچەی بادینانی جیا دەکردەوە. ساڵی ١٩٨٥ ئەم مەڵبەندەو مەڵبەندی ٣ تێکهەڵکێش کران و کرانە یەک مەڵبەند بەناوی مەڵبەندی ٣و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی کرایە لێپرسراوی).

یەکەم بارەگای مەڵبەندی (٤) لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٢) تا مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (١٩٨٤) هەر لە بالیسان بوو، کە ئەو ماوەیە دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی ئەو مەڵبەندە بووە. دوای ئەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٩/١٥) هاتە دەرەوەو کرا بە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)، دوای نزیکەی مانگ و نیوێک یان دوو مانگ بارەگای مەڵبەند لە گوندی بالیسان گواسترایەوە بۆ گوندی سماقولیی سەروچاوە.